


هەرزەکاری

بەشی دووەم: کامەران و میران

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

45229

ئامادەکردن
بوار نوورەدین

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بڵاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: هەرزەکاری- بەشی دووەم
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
ئامادەکردن: بوار نوورەدین
پێداچوونەوە: سدیق سالح و ڕاسان موختار
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٧٢ی سالی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

١

گرتنی ڕەشە، ژیان و ڕابواردنی کامەران لە بنەڕەتەوە هەڵئەتەکێنێت. جگە لەوەی کە لە چەند مانگی ڕابوردوودا، تاقە هاوڕێ و هاودەمی بوو، خۆشی هەر ئەو خووەی هەبوو، کە ئۆگری یەکێک بووایە، بەدڵ و بەگیان خۆی پێوە ئەبەستەوە، بە ئەندازەیەک کە هەموو هاوڕێ و ناسیاوەکانی تری لەبیرئەچووەوە. هەرچەندە هەوڵیشی لەگەڵ خۆی ئەدا، نەیئەتوانی لە یەک کاتا لەگەڵ دووسێ کەس زیاتر ببێ بە هاوڕێ و لەبەرئەوەی کە دوورکەوتنەوەی لە قوتابخانە و پێکەوە نەگونجانی ژیان و ڕابواردنی ئەم و هاوڕێکانی کۆنی قوتابخانەشی وای لێ کردبوو کە تەنیا ڕەشەی هەبێت، بۆیە دەرهێنان و ونبوونی کتوپڕی ڕەشە لە ژیانی، یەکجار شپرزە و دەستەوسانی کرد. جگە لەمەش، تووشبوونەکەی ڕەشە ئەیکات بە نیشانگەی تیر و توانج و تەشەری هەموان، هەر لە خەلفە فایەقەوە تا دەر و دراوسێی بێلایەنیش، کە نەک هەروەک بەشدار لە بەڵاکەدا، بگرە وەک ئاگری بن کاش تەماشایان ئەکرد. لە سەرەتادا ئەم حاڵە وای لێ ئەکات دووسێ ڕۆژ نە بچێ بۆ دووکانی وەستا قادر و نە بۆ لای حەمەقیت و هەر زووش دایکی ئەنێرێت، کە پێیان بڵێ زۆر نەخۆشە و ناتوانی بجووڵێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا، میران دوو جار سەری لێ ئەدا و گەلێ دڵی ئەداتەوە و وەرەی بەرز ئەکاتەوە و ڕازی ئەکات، کە بچێتەوە دووکان و گوێ نەدا بە قسەی قۆڕی خەڵک، با هەروەک سەگ بوەڕن بۆ

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

خۆیان. ئەوەندەی پێ ناچێ خۆیان بێزار ئەبن و وازئەهێنن لەم و خەیال ئەدەنە یەکێکی تر و باسێکی تر.

کامەران ڕازی ئەبێ بچێتەوە دووکان، بەڵام بۆ ئیشەکەی شەوانی لای حەمەقیت دوودل ئەبێت. لەپاشا دێت بە بیریا کە ئەمەی بە سەرشۆڕکردن بۆ ئەژمێردرێت بەرامبەر بە "مەجی"ی نامەرد، بۆیە ئەگەر نەشچووە بۆ دووکانی وەستا قادر، هەر ئەبێ بچێ بۆ دەنکەکوولەکە فرۆشتنەکەی و لەمەولاش ئەگەر "مەجی"یش ورتەی لە دەمەوە بێت، بزانە بە کێردەکەی ڕەشە داویەتێ، ورگی نادڕێ! ئینجا چی لێ ئەکەن با بیکەن، ئەیخەنە بەندیخانەوە؟! ئەیبەن بۆ لای ڕەشە، کە ئەمیش ئەوەی لە خوا ئەوێت.

کە بەیانی لەسەر قسەی میران ئەچێت بۆ دووکانی وەستا قادر، تەماشا ئەکات لە بەردەرگا چاوەڕوانیەتی. کامەران بەمە، ئەوەندە دڵخۆش ئەبێت، کە بە گەرمیی دەستی ئەگوشێت و لە دڵی خۆیدا ئەڵێ: «ئەمەیە ئەڵێن: کە خوا پەنجەرەیەک دائەخات، دەرگایەک ئەکاتەوە.» کە دائەنیشن میران پێی ئەڵێت:

ـ ئەگەر خەلفە فایەق قسەی تۆیکلداری لەگەڵ کردیت، گوێی مەدەرێ. کابرایەکی نزمە و دوورنیە بیەوێت کەڵک لە بێ "ڕەشە"یت وەرگرێت و گەڕت تێ بئاڵێنێت.

ئەم قسانە زیاتر میران ئەباتە دڵیەوە و بە سوپاسەوە پێی ئەڵێت:

ـ من ئەوەتەی هاتوومەتە ئەم دووکانەوە، تۆم بە براگەورەی خۆم زانیوە. بۆیە هەرچی تۆ پێم بڵێیت بە قسەت ئەکەم.

ڕۆژەکەیان بە بێ دەنگی بەسەرئەچێت و میران نەک هەر دەرگاکەی لەگەڵ دائەخات، تا سەری کۆلانەکەشیان بەڕێی ئەکات.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

شەویش کە بۆ دەنکەکوولەکە فرۆشتن ئەچێتە چایخانەکەی وەستا سادق، ئەبینێت مەجی خەریکی دانیشتووەکانە و هیچ گوێ ناداتە ئەم. ئەمیش بە ئارەزووی خۆی دێت و ئەچێت و شت ئەفرۆشێت و هەندێک جاریش بۆ تووڕەکردنی، لەسەر کورسییە بەتاڵەکانیش دائەنیشێت، بەڵام مەجی هەروەک چاویشی لەم نەبێت، وا ئەجوولێتەوە. کە بیرئەکاتەوە ناوچەکە لەبار و بەجێ نابینێت بۆ ئەوەی ئەم شەڕ بەو بفرۆشێت، بەتایبەتی کە خەڵکێکی زۆری لێ ئەبێت و بێگومان هەمووشیان لەم حاڵەدا لایەنی مەجی ئەگرن. بۆیە بڕیارئەدات کە شەڕی خۆترێن نەکات و شەڕەکەی بخاتە کات و شوێنێک کە خۆشی و خەڵکیش ئەم بە هەقدار بزانن.

ئەم جۆرە هاتووچۆیە، ماوەیەک درێژەئەکێشێت، بێ ئەوەی کامەران هیچ هەلێکی بۆ هەڵکەوێت، کە تۆڵەی ڕەشە لە مەجی بسێنێت.

مانگێک زیاتر بەسەر گیرانی ڕەشەدا تێ ئەپەڕێت. کامەران زۆر بیری ئەکات، زۆر حەزئەکات سەرێکی لێ بدات، بەڵام لە سەرەتاوە ئەڵێن: "ڕێ نادەن کەس چاوی پێی بکەوێت." لەپاشان ڕۆژێک، کە لە دایکی ئەبیستێت ڕێیان داوە ببینێت، ئەویش بە بیانوویەک لە دووکان ئیزن وەرئەگرێت و ئەچێت بۆ چاوپێکەوتنی. بەڵام کە ئەگاتە پۆلیسخانە پەشیمان ئەبێتەوە، چونکە سەبارەت بە نەشارەزایی و شەرمنی و کەس نەناسینی، هەر ڕاوەستانی بۆ ئەمێنێتەوە. تا کابرایەک لەوانەی ئیشیان ئەبێت لەوێ، لێی ئەکەوێتە گومان و خۆی ئەگەیێنێتە لایەوە و بە مێچکەمێچکە، ئەکەوێتە قسە لێ دەرهێنانی. ئەویش لە ساویلکەییدا باسی گیران و بێ تاوانیی ڕەشە و هاوڕێیەتیی خۆیانی بۆ ئەگێڕێتەوە. کابراش گەلێ بەزەیی پیشان ئەدات و پێی ئەڵێت:

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library